## کوێستانێکی ماندوی دەستی بەفر و با ... سەربستی

Sar_basti@yahoo. Com

شەوی ڕابردوو
لە خەومدا
کوێستانێکی ماندوی دەستی بەفر و با
دەیچرپاند بە گوێمدا،
لەگەڵ باڵندە بەستوو و سڕبووەکاندا،
تادێت زەردهەڵگەڕاوترەکاندا،
بفڕە،
بفڕن بەرەو ئەستێرەگەرمەکان
دووبارەی دەکردەوە
هەرئێستا بجولێن ڕووەو ئاسمان
دورنین، بفڕن
هیچتان بەنگ نەبن لێرە
هیچتان نەمێننەوە
لە دەوری
ئاسۆی بە بەفر و سەهۆڵ چنراو
کوێستانە شکستەکەی دەستی بەفر و لافاو
دەیچرپاند بە گوێمدا
چاوەڕێبن لەوێ، لەو بەرزیەدا،
ئەستێرە کشە ڕوودەدا
و، ڕوناکی، ووزە و گەرمیتان بۆ دەستەبەردەکا